*بەزوولوکردنی کۆمەڵگاو هاوارە تاساوەکان!*

**کەیهان عەزیز**

| |
|---|
| **ئێمە درەنگ هاتووەکانی مێژوویەکین کە بەخێرایی بەرەو پایانی خۆی دەڕوات!؛ هایدگر** |

**یەکێك لەبەر ئەنجامەکانی ئەو ئاڵوگۆڕانەی‌شۆڕشی پیشەسازی و ڕێنیسانس لە کۆمەڵگای ئەوروپاییدا وەدی هێنا, نەهێشتنی دەسەڵاتی کەلیسا و مەزهەب لەبەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و کاروباری دەوڵەت دابوو. کارکردی ڕێنیسانس سەرخانی کۆمەڵگای بەرەو ئاقارێکی وادا بردبوو, کەئیدی نەکەلێسا و نەفئودالە مشەخۆرەکان توانای خۆڕاگریان نەما بوو, چونکە لەڕووی پراکتیکەوە بەوە گەیشتبوون کە بەرەو ستۆك بوون و ئێکسپایەر بوون چوون.**
**کەلێسا لەم هەلومەرجە دژواریەدا هەڵسا بە ئەنجامدانی ڕیفۆرم یا پرۆیستڕۆیکا, بەو ئومێدەی بتوانێت ئەو هەموو زوڵم و و تراژیدیایەی کە بەسەر خەڵکی هێنا بوو, لەپەردەی یادەوەریەکانیان بسڕێتەوە و خوداو کەلیسایەکی ناسك و مۆدێرن بەگیانی سەردەم بخاتە پێش چاوی کریستیانەکان!!**
**وەلێ رینیسانس ,کارکردەکانی وکۆمەڵگای مەدەنیەت لەسەر ریلی خۆی بەرەو پێش دەچوو, ڕێگریەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیش تەنها لە مۆزە و پەڕتووکوکان و فیلمەکاندا دەبینران!!**
**بە پێچەوانەی ئەوەی لەسەرەوە باسکرا, لە وولاتانی ڕۆژهەلاتی بە ئیسلام کراودا, هایدگەر ووتەنی:- کۆمەڵگای شەرقی بە ئیسلامکراو لەخەونی سەدەکانی ناوەڕاست وەئاگا نەهاتوون, یا لەکاتێکدا کۆمەڵگای ڕۆژئاواو مێژوو بەخێرایی بەرەو پایانی خۆی دەڕوات ئەوجا بێدار بوون!!**
**ئیمڕۆ لەڕۆژهەلاتی بە ئیسلامکراودا سەرەڕای بەکارهێنانی پێشکەوتووترین بەرهەمی پیشەسازی و تەکنەلۆژی, سەرخانی کۆمەڵگا کۆیلەو گیرۆدەی مەزهەب و پەیوەندیەکانی فئودالیزمە. ئاخر مارکس ووتەنی دەبوا پێشکەوتنی ژێرخانی ئابووری بکاتە کارکردێك بۆ سەرخانی کۆمەڵ! وەڵێ پێدەچێ بەهۆی ئیسلام و پەیوەندیەکانی فئودالیزمی باو لە کۆمەڵگادا, ووتەکەی مارکس بۆ ئەم کۆمەڵگانە نیشانی نەپێکا بێ!.**
**دیارە لە وولاتانی بەئیسلامکراودا هیچ کاتێك ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگا هاوئاهەنگ نەبوون, مانتالیتی و ئاستی بەرهەمهێنانی بیرو هۆشیاری یا سەرخانی کۆمەڵ لە پەیوەندیەکانی فئودالیزم و دەسەڵاتی ئیسلام ڕەهای نەبووە!.**
**ئەوەتا پاش گوزەرانی سەدەی بیست بەتازەیی لەشەرقی بە ئیسلامکراودا شێرێك دەڕوا, یەکێکی دی شوێنی دەگرێتەوە, کۆمارەکان وەك پادشاییان لێهاتووە, کوردستانی بێ ناسنامەیش لەم پەتایە بەدەر نەبووە, سەرانی کورد لەتەختی نەبوو شازادە دادەتاشن, بگرە پێشیان لەسەرانی دەوڵەتانی**

ناوچەکەش گرتووە لە ساپۆرت کردن وکۆنزرڤەتیزمی ئەقلیەت و پەیوەندیە گەندەلەکانی فئودالی و بە پیرۆز کردنی تاك و دەسەلات.

ئەمەش لەساتێکدایە کە ئەمانیش وەك پارت و دەولەتەکانی ناوچەکە هەریەك ناوێکی زل و بریقەدارو دروشمی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و سۆشیال دیموکراتیان..لەخۆ ناوە!!.

تەنانەت بدعەی بە پیرۆزکردنی تاك و دەسەلات و پەیوەندیە خێلەکیەکان ئاقارێکی زۆر ترسناکی بەخۆوە گرتووە! ی.ن.ك. پاش چەندین سال ئیدیعای مۆدێرنچێتی کەچی لەناکاو بافل تالەبانی بەدیاری لەبۆ خەلکی کوردستان قووت کردەوە! یا بەپێی هەوالێك کە ئومێدەوارم ڕاست نەبێ! سەرۆکی پارتی بەشازادەی دووەم مسرور بەسەندەی نەکردووەو شازادەی سێهەمیش بۆ کورد گارانتی و ئامادە کردووە!.

کەوایە دەسەلاتی ئیسلام و سەرانی کورد هەروەك ڕژێمەکانی دیکەی ناوچەکە بەرپرسیارن لەنەهامەتی و بەزوولوکردنی کۆمەلدا.بە پیرۆزکردنی دەسەلات و تاکە کەس و شازادە داتاشین لە فەرهەنگی سیاسی کۆمەلایەتی کوردستان دا بەمەبەستی پاوان کردن و کۆنترۆلکردنی هۆشیاری و بیرو فەلسەفەیە, سەرەڕای ئەوەی کۆمەلگای ئێمەش بەم پێکهاتە فکری,فەلسەفی ,سیاسی ,ئابووری, کۆمەلایەتی‌یەی کە گوایە دارایەتی, هایدگەر ووتەنی هێشتا لە پریودی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەژی و ڕابەرانی کوردیش هەمان ڕۆلی فئودالەکانی دەورانی پێش ڕێنیسانس و پیاوانی کەلیسا دەگێڕن! بگرە ئەمانیش لەپێناو بە ئەزەلی بوونی دەسەلاتیاندا, سل لەبەکارهێنانی چەك و تیرۆرو زیندان و زیندووکرنەوە و ڕاگرتنی پەیوەندیە ئێکسپایەر بووەکانی فئودالیزم ناکەنەوە!.

ئاخر کۆسپ و کۆستی کورد لەوەدایەکە هێشتا نە بووەتە خاوەنی قەوارەیەکی سیاسی کەچی شازادەی یەدەگی بۆ دادەنێن! لەسایەی هاوکێشەیەکی سیاسی کۆمەلایەتی شێواوی وادا, هەرچی پێناسەی بیر, نووسین, فەلسەفە, هۆشیاری, هونەر ...یان کورتری کەمەوە بەرهەمهێنانی بیروفەلسەفەو فەرهەنگە لە گالتەجاڕی و بۆس و ڕەشبینیدا خۆی دەبینێتەوە! <u>گالتەجاڕی</u>:- کاتێك دکتۆرێکی زانستگا لەبەر کوڕی بێسەوادی رابەری حیزب یان سکرتێر هەلدەستێت و بگرە ماستاویشی بۆ دەکا! کاتێك کاکی ئەکادیمێك و م.زانکۆ چاپلوسی بۆ ڕابەری بێسەواد دەکا! کاتێك تێز و پرۆژەو لێکۆلینەوەی گوایە زانستی لەسەر ئەقلی ستراتیژی ڕێبەرایەتی سیاسی دەکاو بەمەش وازناهێنێ تا بەرئەنجامەکەشی بەسوپر بوون و تەرەزان بوونی ئەو ڕێبەرایەتی‌یە تەواو دەبێ!!! ئیدی بەهای بڕوانامەی دکتۆرێکی زانستگا و کاراکتەری, لەبەرانبەر ڕابەری بێسەوادا کەسەرە واوێك لە فەلسەفەو تێزو لۆژیك نازانێ چی‌یە؟! ئیدی فەلسەفەو فەرهەنگ و بیرو بیریارانی سەربەخۆو مۆدێرن و ئازادە و چەپ چۆن لەمەرگەسات و داڕماندا نابن!

کاتێك ڕابەری سیاسی لەبەرانبەر کوڕە شازادەکەیدا هەلدەستێت . ئەمەش دەکاتە پەیامێك و وانەیەك بۆ دەستەمۆ کردن و پاوانەکردنی کۆمەلگا, کە چونکە منی ڕابەر ئەو ڕێزەم بۆ داناوەکەوایە ئێوەی خەلك, ئێوەی ....., ئەرکی سەرشانتانە ئەم کارو فەریزەیە بەجێ بێنن! نازانم ئەم دراما قەترانی‌یە دەرخستنی بێسەوادی ڕابەرایەتی‌یە یا سوکایەتی کردن بە ئەقل و بیرو هۆشیاری کۆمەلگایە! وەلام هەرکام بێ پێناچێ سەرۆکی ڕابەر لە بێئاگاییەوە ئەم کارە بکات!! لەوەها تراژیدیایەکدا,لەبەرانبەر

بەزوولوترکردنی کۆمەڵگادا, ڕۆشنبیرانی ئازادە,چەپ, سەربەخۆ و مۆدێرن بەواتای پێناسەیی, چۆن دەبێت گەشبین بن و تا کرۆك نامۆ نەبن؟

کاتێك ڕۆشنبیری مۆدێرن و سەربەخۆو ئازادە و چەپ لەدووتوێ دوورو درێژی نێو پەرتووکە فەلسەفییەکانی هیگل, فۆیرباخ, مارکس, هایدگر, فۆکۆ و سارتەر دێتەوە, کاتێ مێژووی فەلسەفەو گەشەکردن دەخوێنێتەوە, پێناسەکانی لا بەرجەستە دەبێت , ئیدی بەپێی میکانیزمی میتۆد لەتەك تێزو چەمکەکان, زەمینەو زەمانەدا ڕەفتار دەکا.

ڕۆشنبیر , بیروبیریار و فەلسەفەو فەرهەنگ و نقار چۆن لەسایەی کۆتی پەیوەندیەکانی فئودالیزم و مەزهەب دا بتوانێت شوێنی شایستەی خۆی هەبێ؟

لەکاتێکدا خەونەکانی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگایەکی زوولوییدا, ڕەشی قەترانین, سەرتاپا نامۆیی, یاخی بوون, شەق, زیندانی بوون و تیرۆرە! بەواتایەکیدیکە ڕەنگدانەوەی ئەو مەرگەساتەیە کە تێیدا دەژی. مەرگەساتی ناشتن و لە گۆڕنانی بیرو بیریارو فەلسەفەو فەرهەنگ و هونەر!

ئیدی لەوەها بارودۆخێکدا چۆن ڕۆشنبیری سەربەخۆ, ئازادە, چەپ ,بنەو بارگە لێ نەنێ, ڕێ ی تاراوگە نەگرێتەبەر. چۆن ڕە خنەی توونـد نەگرێ؟.

ئاخر من بۆ ساتێکیش لەوێ ئاسوودە نەبووم! سەرتاپا نامۆ! وەلێ لێرە نامۆییم سیمایەکی دیکەی بەخۆوە گرتووە!

لەوێ ئازارەکان و کەلێنە فکری و فەلسەفی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هێندە زۆر گەورە بوون, نەدەکرا لەچنگ نامۆ بوون ڕەها بوویتایە, لێرە نامۆ بوون و دیپرسیفی بەرەو ڕێچکەو ئاقارێکی دیکەدا چووە. گوایە چێژێکی دیکەی هەیە!......

Den-Bosch

★★★★★★★★★★★★★★★★★

سەرچا وەکات :1 روشنفکران ایرانی وغرب-مهرزاد بروجردی. 2- وجود و زمان - هایدگر .

Bestandsnaam: 1~بةزوول.DOC
Map: C:\Documents and Settings\kia\Bureaublad\Nieuwe map
Sjabloon: C:\Documents and Settings\kia\Application Data\Microsoft\Sjablonen\Normal.dot
Titel: بةزوولَم كردنى كؤمةلَطاو هاوارة تاساوةكان
Onderwerp:
Auteur: Hassan
Trefwoorden:
Opmerkingen:
Aanmaakdatum: 19-10-2001 11:12
Wijzigingsnummer: 13
Laatst opgeslagen op: 8-8-2005 2:19
Laatst opgeslagen door: kia
Totale bewerkingstijd: 80 minuten
Laatst afgedrukt op: 8-8-2005 2:19
Vanaf laatste volledige afdruk
Aantal pagina's: 3
Aantal woorden: 981 (ong.)
Aantal tekens: 5.401 (ong.)